ناوی تری بوویێت و وردەوردە گۆڕابێ بۆ (رانیه)ی ئێستا.

بەدرێژایی سەدەکانی ناوەراست «سەدەی (٥)ی زایینی بۆ(١٥)ی زایینی» ناوی رانیەو رۆڵی رانیه لەناو رووداوە سیاسیەکان دیار نیە، ئەمەش لە دوو ئەگەر بەدەر نیە، یان ئەوەتا بە راستی رانیە لەو ماوە دوورودرێژەی کە بەشی زۆری فەرمانرەوایەتی ئەمەوی و عەباسی و ماوەی شالاوی مەغۆل و دواتر دەگریتەوە رۆڵی نەبووەو ناوی بە زەقی نەهاتۆتە ناو رووداوە سیاسی و ژیاریەکانی ئەو سەردەمە، یان ئەوەتا هەوڵ و کۆششی زیاتری دەوێت و مەرج نیە بێ ئاکامبوونی من نەبوونی ئەو رۆڵە بگەیەنێ، هی دووەمیشیان بەراستتر دەزانم، چونکە لەو ماوەیەدا دەیان بەسەرهاتی رەق لە هەرێمەکانی شارەزورو باشوری رۆژئاوای ئازەربیجان هەبوو کە رانیه خاڵی نیمچە سنوری ئەو دوو هەرێمە مێژووییەیە، هەروەها دەیان سەردەمی ئارامی و گەشەسەندنی فەرهەنگی و ژیاری هەبووە، گەر خۆ نەبەستینەوە بە رانیەو دەشتی بیتوێن بەگشتی سەیر بکەین ئەوە هەرگیزناگونجێ پانتاییەکی وا بە پیت و سەرەرێیەکی وا گرنگ و میراتگری شارستانیەتی وا دێرین و بە بەها دەوری مێژوویی خۆی لە دەستدابێ ، لەکاتێکدا فاکتەرەکانی ببینی رۆڵی مێژوویی لە دەست نەدرابێ.

دڵخۆشکەریەکی تر هەیە کە هیوامان لەبەردەم دەنێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی باسمان کردووە ئەویش سەرەتای قۆناغی دوای خۆیەتی،لونکریك باس لە (چوار) سەدەی مێژوویی سیاسی عیراق دەکات، چونکە رووداوەکانی کوردستان خاسیەتی خۆی هەیە لەگەڵ ناوەراست و باشوری عیراق لەوێش هەست بە جۆرێك لە یەکتر دابران دەکرێ، بەڵام لونکریك لەسەر رێرەوی سیاسەتی بەریتانی هەولێداوە مێژووی عیراق(هەر سێ ویلایەت) بەیەکگرتوویی بخاتە روو، لەباسی رووداوەکانی ساڵانی ١٥٣٤ بۆ ١٦٢٠ بەم شێوەیە ناوی رانیه دێنێ:

( فيما يختص بزاخو و دهوك و عقرةو رانيةو حرير و غيرها، ففي كل وادٍ و في كل قرية جبلية كانت نيران حرب تعيس الانقسام تشتعل بالاطماع الأنانية.....)[١٤]. واتە ئەوە تایبەت بە زاخۆو دهۆك و ئاکرێ و رانیەو هەریرو شارەکانی تر ئەوە لە هەموو دۆڵ و گوندێکی شاخاوی ئاگری ناکۆکی و پەرتەوازەیی بەهۆی تەماعکاری و خۆپەرستییەوە گەرمە. ئیتر رانیە لێرەوە دێتەوە ناو گەرمەی رووداوەکانی سەدەی (١٦، ١٧ ، ١٨، ١٩). لەباسی رووداوەکانی سەدەی(١٧) باس لەدهۆك و ئاکرێ و زاخۆو رانیه دەکرێ کە سەر بە بەگ و سەردارەکانی دراوسێی خۆیان. ئامێدی و رواندزو مەرگە (دواتر قەڵاچوالان ) ئەو سەردەمە مەڵبەندی میرایەتی سەربەخۆ بوون، دەگونجێ مەبەستی ئەوە بێ کە ئەم شارانە بەپێی نزیکی سەر بە میرنشینەکانی نزیك بەخۆیان بوون،بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم دابەش بوونەی نێوان سۆران و بابان زیاتر رانیه سەر بە سۆران بوو بێت چونکە هەم سنووری سروشتی(زێی بچوك) لە بابانی جیا دەکاتەوە و هەم شێوە زارگوتنی لە سۆران نزیکترە وەکو لە سلێمانی.

لە سەرەتای قۆناغی کۆتایی لە سەرهەڵدانەوەی میرنیشینی بابان لە سەرەتایی سەدەی (١٧) سنووری بەشی رۆژئاوای کۆیەو رانیەو هەریر بووە، کە دیارە قەڵاچوالان پایتەختی بووە، بەڵام فراوانخوازی ئەم جارەی بابان بەلای شارەزوورو گەرمیاندا بووە نەك بەلای سۆران و لەوێ کایەی بەتاڵ هەیە خۆی لەسەر فراون بکات.

لەساڵی (١٧٢٣) خانە پاشا سنەی پایتەختی ئەردەڵانی گرت و خالید بەگی براشی لە قەڵاچوالان دەسەڵاتی لە هەموو کات زیاتر بووە[١٥] و دواتر شەڕی نێوان بابان و والی بەغدا لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٧)و لە ناکۆکی نێوان سلێمان پاشاو ئەحمەدپاشای برای لەم باس و خواسانەدا رانیه لە پاڵ کۆیەو شارەکانی تر زۆر بەزەقی ناوی لە رووداوەکاندایە، بەڵام پێ ناچێ لە پاڵ رۆڵی سیاسی و سەربازی کە بە هۆی شوێنی ستراتیجی و قەڵای بەرگریەوە گێڕاویەتی رۆڵی فەرهەنگی و زانستی بووبێت . شێخ محمدی خاڵ بەڵگە نامەیەکی سلێمان پاشای هێناوەتەوە (کە خۆی ساڵی ١٧٦٣مردووە) و بەڵگە نامەکە ساڵی١١٧٤کۆچی بەرامبەر ساڵی ١٧٦٣ زایینی پێوەیە، لەو بەڵگەنامەدا سلێمان پاشا ناوی زەوی و زارێکی زۆر دێنێ کە وەسفی قوتابخانە ئاینییەکانی هەرێمەکەی کردووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەریرو کۆیەوە هەتا دەگاتە گەرمیان و شارەزوور ناوی دەیان قوتابخانەی ئاینی لە شارو گوندەکانی ئەو هەرێمە بەرفراوانە دێنێ کەبەشیان لەو وەسفەدا هەبێ ناوی نەك رانیە بەڵکو ئاوەدانییەکانی بیتوێنی بەگشتی تێدانیە، هەروەها دەیان زاناو مەلای دەڤەرەکە ئیمزایان لەسەر بەڵگە نامەکە کردووە، بەنازناو و شوێنی نیشتەجێ بوونیان، دووبارە کەسی ئەم دەڤەرەی تیانیە[١٦] بایەخی ئەم دەڤەرە لەرووی بایەخ پێدانی حکومەت ولایەنە باڵا دەستەکانەوە ئەو کات زیادی کردووە، کە بەرهەمی کشتوکاڵی بەشداری چالاکی لە بازرگانی حکومی دا کردووە بە تایبەتی تووتن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی (٢٠). جرجيس فتح الله بەر ساڵانی (١٩٣٠) بەرهەمی توتنی بە ٤/١ هەموو تووتنی پارێزگای سلێمانی داناوە[١٧] ئەمە لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٤٤ رانیە نزیکەی (١٠٠) ماڵی تیا دانیشتووە[١٨] لە هەمان کاتدا لەساڵی ١٩٣٠ گوندی (سەرکەپکان ) (٧٠) ماڵ بووە .

